وەزیری کار: کۆنفرانسی کاری عەرەبی ڕاسپاردە و چارەسەری گونجاو بۆ دامەزراندنی گەنجان دەنێتە ئاراوە

ئەمە شەمم ئەحمەد ئەسەدی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پشتڕاستی کردەوە کە کۆنفرانسی کاری عەرەبی ڕاسپاردە و ڕێگەچارەی گونجاو بۆ دامەزراندنی گەنجان دەنێتە ئاراوە.

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەحمەد ئەسەدی لە وتارێکیدا لە میان کارکانی کۆنفرانسی کاری عەرەبی کە لە بەغدای پایتەخت بەڕێوە دەچێت وتی: کۆنفرانسی کاری عەرەبی دوای پچڕانی 36 ساڵە لە بەغدای پایتەخت بەڕێوەدەچێت و بەردەوامیش دەبێت بە ماوەی چوار ڕۆژ.

ئاماژەی بەوەشکرد : یەکێك لەو پرسە سەرەکییە گرنگانەی کە کۆنفرانسەکە تاوتوێی کردووە بریتییە لە زیرەکی دەستکرد و کاریگەریەکانی لەسەر بازاڕی کار، کۆنفرانسەکە کۆمەڵێك پێوەندی دەخاتە بەردەم هەرشی زیرەکی دەستکرد و کاریگەریەکانی لەسەر بازاڕی کار و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ بازاڕی کار بە بوونی ملیۆنان کەسی بێکار لە جیهانی عەرەبیدا بێیە زیادکردنی زیرەکی تەکنەلۆژیای دەستکرد بەشدار دەبێت لە زیادکردنی بێکاری، بێیە کۆنفرانسەکە پێشنیارەکان بە چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاستەنگانە و پێڕەپەدانی چارەسەری گونجاو بۆ گەنجانی عەرەب دابەزرێنن.